حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیـــاری ئەنجومەنی وەزیـــران

## ژمارە (١٤٦) لە ٢٠٢٢/٤/٢٧

پشتبەست بـە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لـە یاسای ئەنجومـەنی وەزیرانی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (٣)ی سـاڵی ١٩٩٢ هـــەموارکراو، و ئامـاژە بە کۆبـوونەوەی ئەنجومـەنی وەزیـران ژمـارە (٨١) لە ٢٠٢٢/٤/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکان بەپێی تایبەتمەندیی بۆ بەدواداچوونی ئەو دەرفەتانەی سوودوەرگرتن لە توانا و ئەزموونی دامەزراوەکانی بەریتانیا لە ئەنجامی سەردانی فەرمیی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی هەریەک لە بەڕێزان (وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) بۆ بەریتانیا و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژانی ١٩-٢٠٢٢/٤/٢١ گفتوگۆیان لەسەرکرا.

٢. ڕاسـپاردنی فەرمـانگەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە و سـکرتاریەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و فەرمـانگەی هەمـاهەنگیی و بەدواداچـوون بـۆ کـاری هەمـاهەنگیی لە نێـوان وەزارەتەکـان و بەدواداچـوون بە ئاڕاسـتەی سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی دەرئەنجامی سەردانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە فەراهەم بوون بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**